

پایزە ئەحمەد

# دوو پارچە هۆنراوە

## سۆز

لەنێو ئاسۆی چاوەکانتا
شتێک نییە وەدیەنەکەم
دە تۆش بە سۆزی چاوانت
وەرە وەژوور دڵمکەوە
تاکو منیش لە پێشوازییت
باوەشی گەرمی پڕ سۆزمت
بۆ بکەمەوە ..
نهێنییەکانمت بەگوێدا
بچرپێنم :
دووریی و غوربەتی رابردووم
ئەشق و ئاوازی ئەمێستام
سۆز و ئەوینی داهاتووم..
هەمووی تێکرا،
هۆ گوڵەکەم
ئەمن هەرگیز
لە ناسین و هەبوونی تۆ
سارد نابمەوە،
ئەی ئەوە نییە

له نێو چاوی خوماری تۆ
ئیلهامی شیعر و سۆزی خۆم
دەهۆنمەوە !

## سەرمەستیی

له ئەندێشەی بێهۆشیمدا
دونیا دەکەم
به کاسێتێک چەپڵەڕێزان
به بەهەشتێک لەدیو زەمەن،
گەلۆ وەرن
وەرن ئێوەش
له پێدەشتی جیهانی من
جیهانی وون .. بارگه بخەن
بێ مەی ، بێ ماچ ، بێ ڕامووسان ..
سەرمەستدەبن.

payzeehmed@hotmail.co.uk